# نەخشەڕێگا بۆ دەسپێکی کار

ڕێبەریەکی گشتگیر بۆ تۆمارکردنی
کار لە هەرێمی کوردستانی عێراق




ORANGE CORNERS | NL Netherlands

AN INITIATIVE OF THE KINGDOM OF THE NETHERLANDS

51 LABS

# ناوەڕۆك

1 پێشەکی ........ 3

2 بۆچی پێویستە بزنسەکەت تۆمار بکەیت؟ ........ 6
پێنج هۆکار بۆ تۆمارکردنی بزنسەکەت
چ کاتێک پێویستە بزنسەکەت تۆماربکەیت؟

3 پرۆسەی تۆمارکردنەکە ........ 9

4 تۆمارکردنی بزنسی تەکنەلۆژی ........ 15

5 سامانی بیری ........ 18
- ماکی-بازرگانی/ماکی-خزمەتگوزاری
- داهێنان نامەکان
- مافی لەبەرگرتنەوە

6 تۆ بزنسێک بەڕێوەدەبەیت- ئێستا چی؟ ........ 21
گۆڕینی چالاکی کار
باج
هاوبەشی بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی (CSR)

7 کۆتایی ........ 24

بە ئاگاداریەوە ئەم پەڕەیە بەبەتاڵی جێهێڵدراوە

# پێشەکی

گرینگیدان بە وەبەرهێنان، لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەم ساڵانەدا پەرەسەندنی بەخۆوە بینیووە، و ژمارەیەک وەبەرهێن لەچەند سێکتەرێکی جیاوازدا، کە پێویستین، وەبەرهێنانیان کردووە. لەکاتێکدا ژمارەی ئەو تاکانەی کە خاوەنی بیرۆکەی بزنسی بیرمەندانەن لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئاستەنگیەکانی بەردەم ئەو دامەزرێنەرانە ئاشکراتر دەکات، کاتێک دەیانەوێت کارەکەیان تۆمار بکەن.

ئاڵۆزی پرۆسەی تۆمارکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق ڕەنگە ڕێگری لە وەبەرهێنەکان بکات لە تۆمارکردن و تەنانەت لەدەستپێکردنی کارەکەیان.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئاڵۆزیانەدا، Orange Corners، بەهەماهەنگی لەگەڵ Five One Labs، پێکەوە کاریانکردووە لەسەر ئەم پرۆژەیە بۆ وەبەرهێنەران بۆ دەستەبەرکردنی ڕێگەیەکی ئاسان بۆ تێگەیشتن لە نەخشەڕێگای  پرۆسەی تۆمارکردن لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

نەخشەڕێگاکە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

- بۆچی و کەی پێویستە ناوی کارەکەت تۆماربکەیت؟
- ئایا پرۆسەکە چیە و چۆن چیاواز دەبێت بەپێی جۆری کۆمپانیاکە، هەروەها تەکنەلۆژیەکان؟
- ئایا پێویستە ڕەچاوی چی بکەیت کاتێک کارەکەت تۆماردەکەیت؟

ئەم ڕاپۆرتە تۆمارکردنی بزنسەکان لەخۆدەگرێت لە هەرێمی کوردستانی عێراق. بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، لێکۆڵەرەوان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ژمارەیەک وەبەرهێنەر و هاوبەشدا ئەنجامداوە لە هەولێر و سلێمانی.  لەو کەیسانەی کە پرۆسەی تۆمارکردن جیاوازە لە هەولێر و سلێمانی، جیاوازیەکە لە تێکستەکەدا لەبەرچاو گیراوە.

ئەمە ڤێرژنی چاپکراوە – گەر ڤێرژنی درێژتر PDF دەوێت، دەتوانیت لێرەدا دەستی بخەیت:
FiveOneLabs.org

# تێبینی لەسەر ڕێسناسی:

بۆ نوسینی ئەم ڕاپۆرتە، Five One Labs چاوپێکەوتنی تایبەت و ڕاستەوخۆی لەگەڵ زیاتر لە ٢٥ کەس ئەنجامداوە، کە پەیوەستن بە خاوەنداری پشک، چەند وەبەرهێنەرێک کە ئەزموونی خۆیان باسکردووە لەبارەی تۆمارکردنی بزنسەکانیان؛ هەروەها چەند پارێزەرێک کە لەبارەی ئاڵۆزی کارە یاساییەکانەوە دوواون؛ و بەرپرسانی باڵای حکومەتی خۆجێییەکان کە لەسەر وێنایەکی گشتی پرۆسەکە دوواون. ئێمە هەروەها هەوڵمانداوە ئەو زانیاریانەی بەردەستبوون لەبارەی یاسای ناوچەکان و چۆنیەتی ڕێکاریەکان، بۆ پڕ زانیاریکردنی نەخشەڕێگاکە، دەستخستووە لەم ڕاپۆرتەدا. تەواوی سەرچاوەکانی کە لە ڕێبەریەکەدا بەکارهێندراوە، لە کۆتایی ڕێبەریەکە نوسراوە.

ئەم ڕێبەریە دۆکۆمێنتێکی گشتگیری یاسایی نیە، بەڵکو ڕێبەریەکی مەیدانی و ئەزموونیە کە پشتدەبەستێت بە ئەزموونی ڕاستەقینەی وەبەرهێنەرەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق. گەر تیمی لێکۆڵەرەوە ئاگاداربکرێنەوە لە هەر هەموارکردنەوەیەک بۆ ڕێکخستنی جۆراوجۆر یان پرۆسەی یاسایی کە کاریگەری لە ناوەڕۆکی ڕێبەریەکە بکات، Five One Labs نەخشەڕێگاکە نوێدەکاتەوە.

# سوپاس و پێزانین

ئەم نەخشەڕێگایە هەرگیز نەدەهاتە بەرهەم بەبێ پاڵپشتی ژمارەیەک وەبەرهێن و خاوەن پشک لە هەرێمی کوردستانی عێراق. هەروەها دەمانەوێت سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە بەخشندانە کاتی خۆیان تەرخانکرد بۆ باسکردنی ئەزموونەکانیان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لە چەند مانگی ڕابردوو.

بەتایبەتی، زۆر سوپاسی باڵوێزخانەی هۆڵەندا لە هەولێر دەکەین، ئۆرەنج کۆرنەر، دەستپێشخەری بەڵێندەرایەتی زانکۆی ئەمەریکی لە عێراق، سلێمانی و ژووری بازرگانی لە سلێمانی و هەولێر. سوپاسی ئەو پاریزەرانە دەکەین کە پشتگیری لێکۆڵینەوەکەیان کردین، تیمی MENA Associates و بژی ڕۆژ، و ئەو وەبەرهێنەرانەی کە کاتی خۆیان پێ بەخشین بۆ باسکردنی ئەزموون و چیرۆکی خۆیان. لەکۆتاییدا، سوپاس بێ پایان بۆ هەردوو لێکۆڵەری مەشقکار و خۆبەخش لەم پرۆژەیەدا: ساردیلا سەرتیب فەتاح و ڕۆژان سامان حەمە ئەمین.

AN INITIATIVE OF THE KINGDOM OF THE NETHERLANDS

# بۆچی پێویستە بزنسەکەت تۆمار بکەیت؟

# 2 بۆچی

**تۆمارکردن، هەنگاوی بنچینەییە لە بونیادنانی پرۆژەکارێکی سەرکەوتوو و بەردەوام لە کوردستانی عێراق، بەڵام هەندێک لە وەبەرهێنەران چاوەڕوان دەکەن پێش تۆمارکردن. ئایا بۆ گرنگە تۆماربکەیت، و ئایا کەی کاتە دروستەکەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم هەنگاوە گرنگە؟**


## 5 هۆکار بۆ تۆمارکردنی پرۆژەکارەکەت لە هەرێمی کوردستانی عێراق:

### هۆکاری 1: پارێزراو دەبیت بە یاسا.



تۆمارکردنی پرۆژەکارەکەت ئەو پارێزبەندیەت بۆ تۆماردەکات کە پرۆژەکارەکات بەدەستی دەهێنێت لەژێر یاسادا لە هەرێمی کوردستانی عێراق، کە ناوی پرۆژەکارەکەت پارێزراودەبێت (حیجزدەکرێت) و دەتپارێزێت لە قەرزەکانی کۆمپانیاکە لە هەندێک کاتدا

### هۆکاری 2: دەتوانیت مامەڵەی بازرگانی ئەنجام بدەیت و کارمەند دابمەزرێنیت.



کاتێک کۆتایی بە مامەڵەیەک دەهێنیت و گرێبەستێک واژۆ دەکەیت بەناوی پرۆژەکارەکەتەوە بەڵام هێشتا بە فەرمی تۆمارنەکراویت، دروستی گرێبەستەکە دەبێتە جێگەی پرسیار و ئاڵۆزی کارە یاساییەکان زیاد دەکات. لەوانە، گرێبەستی دامەزراندن، هاوبەشیکردن، و گرێبەستەکان لەگەڵ حکومەت.

### هۆکاری 3: خەڵکی زیاتر دەتوانن متمانەت پێبکەن.



کڕیارەکان، دابینکەر و هاوبەشەکان هەموو زیاتر متمانەت پێدەکەن، گەر بزانن یاساییت و پرۆژەکارەکەت تۆمارکردووە. هاوبەش و دابینکەرەکان دەزانن ئەوان دەتوانن متمانەت پێبکەن بۆ تەواوکردنی کۆتایی مامەڵەکانت.

### هۆکاری 4: دەتوانیت وەبەرهێنان و قەرز بەدەست بێنیت.



وەبەرهێنەران و بانکەکان دەیانەوێت بەشێوەیەکی فەرمی تۆمارتکردبێت، لەگەڵ دۆکۆمێنتی فەرمی و ئەژماری بانکی، پێش ئەوەی وەبەرهێنانت لەگەڵ بکەن و قەرزی کارت بدەنێ.

### هۆکاری 5: دەتوانیت مامەڵە بازرگانیەکانت ئەنجام بدەیت بەبێ سزا.



کاتێک دەست بە پرۆژەکارەکەت دەکەیت، دەتەوێت بەهەموو جیهان ڕابگەیەنیت دەربارەی چی کار دەکەیت! دەتەوێت بازاڕگەری بۆ بەرهەمەکەت بکەیت، سەرنجی کڕیار ڕابکێشیت، و بەشێوەیەکی بەهێز گەشەی پێبدەیت

# ئایا چ کاتێك گونجاوە بۆ تۆمارکردن؟

## تێڕوانینە یاساییەکە

لایەنە یاساییەکان زیاتر ئاشکران. ڕاوێژکارە یاساییەکان، پارێزەرەکان، و فەرمانبەرانی حکومی هانی بەڵێندەران دەدەن بۆ تۆمارکردن بەزووترین کات، لەگەڵ دەستپێکردنی کارەکانیان. یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکان ئەوەیە گەر بەڵێندەرەکان بڕیاری ناوتۆمارنەکردن بدەن، کەسانی دیکە دەتوانن بیرۆکە و ناوەکەیان بدزن. گەر ئەوە ڕوویدات، پاشان هیچکەس، تەنانەت دادگاش، ناتوانێت هاوکاریان بکات بۆ گێڕاندنەوەی براندەکەیان.

## تێڕوانینی بەڵێندەران

تۆمارکردن گرنگە، بەڵام ئایا کەی کاتێکی گونجاوە بۆ تۆ و کارەکەت بۆ دەستپێکردنی ئەو پرۆسەیە؟ لە هەرێمی کوردستانی عێراق، زۆرینەی بەڵێندەران پێیان دەڵێن ئەوە پەیوەستە بە جۆری ئەو کارەی بەگەڕی دەخەیت و هەلومەرجەکانت چۆنن.

هەندێک لە بەڵێندەران کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە، ووتیان کە پێیان پەسەندە تۆمارکردن ئەنجام بدەن بەزووترین کات هەرکات دەستیان بە کارەکەیان کرد بۆ ڕێگریکردن لە هەر کێشەیەکی یاسایی. ئەم جۆرە کەیسانە هەمیشە هەن، کاتێک کاری بەڵندەرەکان پەیوەست دەبێت بە وەزارەتی تەندروستی، یان کاتێک دەیانەوێت گرێبەستی فەرمی بەدەست بێنن لەگەڵ حکومەت یان لەگەڵ قەوارەکانی دیکە.

زۆرینەی بەڵێندەران کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کردوون، ساڵێک یان دوو چاوەڕوانیان کردبوو پێش تۆمارکردن چونکە تێچوو و کات زۆر ئاستەنگن. بەڵێندەرێک کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ئەنجامدا لە پیشەسازی ڕیکلامکردن، بڕیاریدابوو دەست بە پرۆسەی تۆمارکردن بکات پاش دوو ساڵی کارکردن. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەو بڕیارە، بۆ پاراستنی کارەکەی بووە کاتێک دەچێتە ناو کاری گرێبەستەوە لەگەڵ کڕیار و فۆرشیارەکاندا.

# پرۆسەی

# تۆمارکردن

## هەنگاوی 1: جۆری کۆمپانیاکەت دیاریبکە:

- کۆمپانیای (بەرپرسیاری) سنوردار (LLC): کۆمپانیایەکە کە پێکدێت لە 2 بۆ 25 خاوەن پشک. کەمترین بڕە پارەی داواکراو بۆ ئەم جۆرە کۆمپانیایە 1,000,000 دیناری عێراقیە. لەم کەیسەدا، کەسێک یان کۆمپانیایەک دەتوانن پێکەوە تۆماربکەن بۆ کەمکردنەوەی لێپرساویەتی.

- کۆمپانیای سەرمایەی هاوبەش: کۆمپانیایەکە کە لانی کەم لە پێنج خاوەن پشک پێکهاتووە. بەرپرسیاریەتی خاوەن پشکەکان بۆ قەرزەکانی کۆمپانیاکە دەبێت لە بڕێکدابێت.

- خاوەنداریەتی تەنها (پرۆژەی تاک): کە کۆمپانیایەکە لەلایەن تەنها کەسێک خاوەنداری دەکرێت کاتێک ئەو کەسە خاوەنی سەرمایەی کۆمپانیاکەیە. کەمترین سەرمایەی دیاریکراو بۆ کردنەوەی ئەم جۆرە کۆمپانیایە 500,000 دیناری عێراقیە.

- کۆمپانیای هاوبەش (هاوبەشی سنوردار): کە کۆمپانیایەکە کە هەر هاوبەشێک خاوەنی بەشێکی سەرمایەکەیە. کە ژمارەی هاوبەشەکان لەنێوان 2 بۆ 25 خاوەن پشکە. کەمترین سەرمایەی داواکراو بۆ ئەم کۆمپانیایە بریتیە لە 500,000 دیناری عێراقی. لە هاوبەشیەکی سنورداردا، خاوەن پشکەکان بەرپرسیارن بەپێی ژمارەی ئەو بەشانەی کە هەیانە.

- کۆمپانیا سادەکان: کە پێکدەهێندرێن لەلایەن دوو یان پێنج کەس، هەریەک لەوانە بەشداری دەکەن لە سەرمایەی کۆمپانیاکە لەگەڵ بڕێکی پارە یان پشکێکی کارەکە، و بەرپرسیاریەتی هاوبەشەکان تاکو مەودایەک سنوردارنیە. یاسای کۆمپانیاکان داوای ئەوە دەکات بە یاداشتێکی ئەنجومەن ڕاستی کارەکە بسەلمێنێت لەلایەن دادنوسێکی گشتی. (الكاتب العدل)

## هەنگاوی 2: ناوەکەت بە ئۆنلاین تۆماربکە:

1 خۆت یان پارێزەرەکەت پێویستە تۆمارکردنەکە ئەنجام بدات لە ئەکاونتی ئۆنلاین لە https://www.crkrg.org/ku/. تەنها پێویستە ناوەکەت و کۆپیەکی ناسنامەی شارستانی حکومەت داخڵبکەیت. ئەمەش ماوەی 1-2 رۆژی پێویستە بۆ دڵنیابوون لە دروستی ناسنامەی شارستانیەکەت. پاش ئەوەی ئیمەیڵی پەسەندکردنت پێگەیشت، دەتوانیت بچیتە هەنگاوی دواتر.

2 ئەم فۆرمە پڕبکەرەوە: کاتێک ئەکاونتەکەت چالاک کرد، پێویستە ووردەکاری کارەکەت لە فۆرمەکەدا پڕبکەیتەوە. ئەمەش ئەم بەشانەی تێدایە-لەنێوان شتەکانی دیکە- جۆری بزنس، فۆرمی یاسایی کۆمپانیاکە، زانیاری دەمەزرێنەر/دامەزرێنەرەکان، و ناوی پێشنیارکراو. پێویستە فۆرمەکە پێشکەشبکەیت و پاشان ئەپڵیکەیشنەکەت دەنێردرێت بۆ ژووری بازرگانی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی شیاو.

3 تۆمارکردنی ناوەکە بەردەوام دەبێت لەگەڵ حەوت پەسەندکردن: ناوەکەت دەنێردرێت و پەسەند دەکرێت لەلایەن ئەم شوێنانەوە: ئۆفیسی کۆمپانیای تۆمارکردن، ژووری بازرگانی هەولێر، ژووری بازرگانی سلێمانی، ژووری بازرگانی دهۆک، بەڕێوبەرایەتی ئامار (CR)، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئامار (DR)، و پاشان بۆ بەڕێوبەری چاودێری هەموو ئۆفیسی ژووری بازرگانی هەولێر (FCC). ئەگەر ناوەکە پەسەند نەکرا لەلایەن هەریەک لەو ئۆفیسانە، خاوەنکارەکە دەبێت جارێکی دیکە ئەپڵیکەیشنێک پێشکەش بکاتەوە.

4 پەسەندکردنی ناو: ناوەکەت ئێستا پەسەندکراوە و ئیمەیڵێکت بەدەست دەگات لەگەڵ ژمارەی دیاریکردن (کۆد) کە کارەکەت پێشکەش دەکات لەوخاڵە بەدواوە. هەروەها ئیمەیڵێکی پەسەندکردنت پێدەگات لە بەڕێوبەری کۆمپانیای تۆمارکردن تاکو پەسەندی بکەیت کە ئەو هەنگاوەت تەواوکردووە. ناوەکەت تۆماردەکرێت (حیجز) بۆ شەش مانگە تاکو کاتت هەبێت، لەکاتێکدا سەرقاڵی تەواوکردنی تەواوی پرۆسەی تۆمارکردنەکەیت. گەر زیاتر لە شەش مانگ چاوەڕوانی بکەیت بۆ تەواوکردنی پرۆسەکە، ناوەکەت بۆ کەسێکی دیکە بەردەست دەبێت بۆ خۆی تۆماربکات.

### تێبینی پسپۆڕ

بەپێی لێدوانی دابان نەجمەدین، بەڕێوبەری بەشی پەیوەندیەکانی لە ژووری بازرگانی سلێمانی، کاتێک بەڵیندەرێک دەچێت بۆ ژووری بازرگانی بۆ تۆمارکردن ناوی پرۆژەکارەکەی، دەبێت لیستێک لە ١٥-٢٠ ناوی بژاردە بێنێت. ئەو ناوەی دەتەوێت بۆ کارەکەت ڕەنگە بەردەست نەبێت، هەربۆیە کاتێک لیستێک ناو دەهێنیت، دەتوانیت دڵنیابیت لە بەردەستی هەموو ناوە بژاردەکان و خۆت لە هاموشۆی ناپێویست بپارێزیت.

## هەنگاوی 3: داگرتنی 5 دۆکۆمێنتی پشتگیری بۆ وێبسایتی CRK.

**دۆکۆمێنتەکانی پشتگیری لە خوارەوە باس کراون:**

1 بڕوانامەی پارەی دانراو لە بانکی بازرگانی: بۆ ئەنجامدانی ئەوە، دەبێت لانی کەم 1,000,000 دیناری عێراقی دابنێیت (لە کۆمپانیای بەرپرسیاری سنوردار)، و بڕی تێچووی نزیکەی 50,000 دیناری عێراقی بدەیتە بانکەکە، هەرچەندە ڕەنگە جیاوازبێت لەبانکێک بۆ بانکێکی دیکە.

2 نامەی پشتگیری لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و سەندیکای ژمێریاران و ووردبینانی کوردستان. بۆ ئەوەی ئەو دۆکۆمێنتانە بەدەست بخەیت، دەبێت گرێبەستی یەک ساڵ واژۆ بکەیت لەگەڵ پارێزەر و ژمێریارێکی پەسەندکراو و بڕی تێچووەکە بدەیت.

3 نوسراوی ئەنجومەن و خولەکەکانی چاوپێکەوتنی ئەنجومەنی گشتی. دەبێت نوسراوی ئەنجومەن دابین بکەیت و لەسەر وێبسایتەکە دایبگریت. ئەو نوسراوانەی ئەنجومەن ڕێنماییەکان بۆ هەڵسوڕانی کۆمپانیا و مەبەستەکانی ڕوونەدکاتەوە. هەروەها دەبێت زانیاری لەبیرکراو لەسەر ڕەشنوسەکە بنوسیت لەگەڵ خولەکەکانی چاوپێکەوتن کە بە ئۆنلاین دابین کراوە. دواتر، ئیمەیلێکت پێ دەگات لەگەڵ نوسراوەکان و خولەکەکان کە دەبێت کۆپی بکرێت و واژۆ بکرێت وەکو ئەوەی لە خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە لە هەنگاوی 4.

4 فۆرمی پشکنین. تۆمارکەری کۆمپانیاکان ڕەنگە لە بنچینەی کۆمپانیاکە بکۆڵێتەوە پێش بڵاوکردنەوەی بڕوانامەی یەکگرتن.

5 ناسنامەی شارستانی/ پاسپۆرتی خاوەن پشکەکان و بەڕێوبەر (ئۆفیسی بەڕێوبەری جێبەجێکاری). هەروەها، دەبێت وێنەی هەر هاوبەشێک لەسەر وێبسایتەکە دابگریت و هەریەک لەمانە:

1. ناسنامەی نیشتمانی (جنسیە) + هەویە.

یان

2. کارتی نیشتمانی، پاسپۆرت و کارتی مانەوە (ئیقامە)

گەر کەسەکە بێگانەبوو، کارتی زانیاری، و وێنەی کەسەکە.

6 مۆڵەتە داواکراوەکان کە پەیوەندی بە کارەکەتەوە هەیە. هەموو خاوەنکارێک دەبێت سەردانی وەزارەتە حکومیەکان بکات کە پەیوەندی بە چالاکیەکانی کارەکەوە هەیە. بۆ هەر وەزارەتێک، دەبێت پەسەندنامە و مۆڵەتە داواکراوەکان بەدەست بێنیت بۆ دەستبەکاربوون.
کارەکە بسەلمێنێت لەلایەن دادنوسێکی گشتی. (الکاتب العدل)

## هەنگاوی 4: داواپێشکەشکردن بە ئۆنلاین بۆ بڕوانامەی تۆمارکردن.

**هەرکاتێک ئیمەیڵی پەسەندبوونت پێگەیشت لەلایەن بەڕێوبەری گشتی بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا، پێویستە سەردانی تۆمارکەری کۆمپانیا بکەیت، کۆپی ڕاستەقینە (ئەسڵی) هەموو ئەم پێداویستیانە لەسەر فلاش درایڤێک ئامادەبکەیت بۆ پێداچوونەوە:**

1. بڕوانامەی بڕەپارەی دانراو لە بانکدا،
2. گرێبەستی ساڵێک لەگەڵ پارێزەرێک لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان، لەگەڵ نامەی پشتگیری،
3. گرێبەستی ساڵێک لەگەڵ ژمێریارێک لە سەندیکای ژمێریاران و ووردبینانی کوردستان، لەگەڵ نامەیەکی پشتگیری،
4. مۆڵەتەکان لە وەزارەتەکانی پەیوەندیدارەوە (گەر بەردەستبوو).

**گەر کۆمپانیایەکیت لەگەڵ چەند خاوەن پشکێکدا، هەروەها دەبێت ئەمانەش دەستەبەر بکەیت:**

5. گرێبەستی دامەزراندن (نوسراوی ئەنجومەن) لەنێوان خاوەن پشک و لێدوانی یەککڕتن.
6. خولەکەکانی چاوپێکەوتنی ئەنجومەنی گشتی، و
7. ناسنامەی کەسی هەموو هاوبەشەکان.

پاش پێداچوونەوەی بە هەموو دۆکۆمێنتەکان، پێویستە بڕی تێچووەکە بدەیت و پرۆسەکە تەواو بکەیت. تێچووی تۆمارکردن پەیوەستە بە سەرمایەی کارەکەتەوە. پاش ئەوەی بڕەپارەکە درا، بڕوانامەیەکت پێدەگات بە ئیمەیڵ لەماوەی یەک تاکو سێ ڕۆژ!



## هەنگاوی 5: داینکردنی هەموو دۆکۆمێنتە پشتگیریەکان بۆ ئۆفیسی کۆمپانیای تۆمارکردن بۆ کۆتایهێنان بە پرۆسەی تۆمارکردن.

**لەم خاڵەدا، بەیاسایی بزنسەکەت تۆمارکراوە! ئێستا دەتوانیت پێناسی بەڕێوبەری جێبەجێکار بەفەرمی بەدەست بێنیت لە ژووری بازرگانی، پرۆسەی کردنەوەی ئەژماری بانکی تەواوبکە، و مۆری کۆمپانیا دروست بکە.**

**بۆ دروستکردنی مۆری کۆمپانیا، پێویستە سەردانی ئاسایش بکەیت و ئەمانەی خوارەوە دابین بکەیت:**

1. کۆپیەکی پەسەندکراو لە پەڕاوەکانی تۆمارکردنی کۆمپانیاکە.
2. ناسنامەی کەسی هەموو خاوەن پشکەکان (کۆدی ئاسایش تێدابێت).
3. شێوە و دیزاینی مۆرەکەت.
4. گرێبەستی واژۆکراوی ئۆفیسەکەت.

دەبێت ئاگاداری ئەوەبیت بۆ هەندێک پیشەسازی، بەرێوبەر و بەڕێوبەری جێبەجێکار دەبێت لەگەڵ داواکاری ئاستی خوێندن و ئەزموونی داواکراو یەک بگرێتەوە، کە پەسەند بێت لەلایەن کۆمپانیای تۆمارکەر و ژووری بازرگانی. بۆ نموونە، گەر پرۆژەکارەکە بوارێکی زۆر تایبەت بێت وەکو کۆمپانیای دەرمان و ئەندازیاری، بەڕێوبەری جێبەجێکار دەبێت دکتۆر یان ئەندازیاربێت.

گەر هەموو ئەم هەنگاوانەت تەواوکرد، پیرۆزبایت لێدەکەین، بزنسەکەت بەشێوەیەکی فەرمی تۆمارکرد!



# تۆمارکردنی
# بزنسێکی
# تەکنەلۆژی

# 4 بزنسە تەکنەلۆژیەکان

**ئەو بەڵێندەرانەی دەست بە بزنسێکی تەکنەلۆژی دەکەن هەندێکات ڕووبەڕووی بەربەستی زیاتر دەبنەوە لە کۆمپانیا ئاساییەکان، لەبەرئەوەی:**

- بەهۆی کەمی سنور و چوارچێوەی یاسایی بۆ تۆمارکردن و بەڕێوبردنی کارەکانی ئۆنلاین یان بزنسە[1] تەکنەلۆژیەکان.
- بزنسی تەکنەلۆژی بەتەواوی ناچێتە ناو ڕێسایەکی دیاریکراووە.
- زۆرێک لە کۆمپانیا تەکنەلۆژیەکان لەگەڵ مۆدێلی کاری داهێنەرانە کاردەکەن، کە ئەمەش ئاستەنگی زیاتر دروست دەکات بۆ تێگەیشتن بەبەراورد لەگەڵ بزنسە ئاساییەکان، کە زۆرێک لە وەزارەتەکان ڕاهاتوون مامەڵەی لەگەڵ بکەن.
- هەندێک لە بزنسەکان لەنێوان چەند سێکتەرێک کاردەکەن، واتا دامەزرێنەرەکەی دەتوانێت لەنێوان وەزارەتەکان کاروبارەکان جێبەجێ بکات کاتێک هەوڵی تۆمارکردن دەدات.

**دەتوانیت چی بکەیت؟ ژمارەیەک لە بەڵێندەرانی ناوچەکە ڕێگەچارەیان دۆزیەوەتەوە بۆ بە یاساییکردنی بزنسە تەکنەلۆژیەکەیان، پێشنیارەکانیان بۆ تۆمارکردن لەمانە پێکهاتووە:**

**پێشنیاری 1: تۆمارکردنی ئۆفیسێک.** لەبەرئەوەی پێویستە لەڕووی شوێنێکی بەرجەستەییەوە بەفەرمی کارەکەت تۆماربکەیت، دەتوانیت بزنسە تەکنەلۆژیەکەت وەکو ئۆفیسێک تۆماربکەیت. ئەمە بچووکترین جۆری بزنسە کە ڕێگە بە برێکی کەم بەرهەمهێنان دەدات، بەمەرجێک یاسایی بێت و خۆراک نەبێت. ئەمەش بڕاردەیەکی کەمتر گران دەبێت، بەڵام ڕەنگە کاریگەری نەرێنی لەسەر توانای بەڵێندەرەکە هەبێت لە وەرگرتنی یەکسانی وەبەرهێنان لە ئایندەدا بەهۆی ئەوەی بەفەرمی کۆمپانیا نیە.

[1]For the purpose of this Roadmap, technology businesses include mobile applications, e-commerce sites, website-based businesses and software as a service (SaaS) businesses.

**پێشنیاری 2: کۆمپانیایەک وەکو پرۆژەیەکی ناسەرەکی (لاوەکی).** بەڵێندەر دەتوانێت خۆی تۆماربکات وەکو کۆمپانیایەک و پاشان لیستی خزمەتگوزاریە تەکنەلۆژیەکانی، سۆفتوێر یان ئەپڵیکەیشن وەکو بەرهەمێک یان پرۆژەیەکی ئەو کۆمپانیایە. ئەوەش هێشتا پێویستی بە کردنەوەی شوێنێک دەبێت، هەتا گەر پێویست نەکات بۆ بەگەڕخستنی بزنسەکە. هێشتا ئەگەر هەیە کە حکومەت مۆدێلی بزنسەکە نەناسێتەوە و نکۆڵی لە تۆمارکردنەکە بکات، کە ڕێگری کردنەوەی لە بەڵێندەرەکە دەکات.

**پێشنیاری 3: تۆمارکردن لەدەرەوەی کوردستان.** ڕێگەچارەیەکی دیکە ئەوەیە، دەکرێت کۆمپانیاکە تۆماربکەیت لە دەرەوەی وڵات و پاشان بەیاسایی لقێک لە هەرێمی کوردستانی عێراق بکەیتەوە. یەکێک لە سوودەکانی تۆمارکردن لە دەرەوەی وڵات ئەوەیە، کە ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنان دەکات لە کارەکەدا، کاتێک زۆرێک لە وەبەرهێنەرانی جیهانی داوادەکەن تۆمارکردن بکەن لەدەرەوەی عێراق تاکو وەبەرهێنانەکەیان بە یاسایی بپارێزن.

# سامانی پیری

# 5 سامانی بیری IP

یەکەم، گرنگە لەوە تێبگەیت کە ئەو یاسایە دەتپارێزێت چۆن پێکهاتە دیاریکراوەکان دەربڕیت لە بیرۆکەی بزنسەکەت، کە تاکە (بێ هاوتایە) بۆ خۆت و بزنسەکەت (نمونە، ناو، لۆگۆ، هاوکێشە یان کلێشای تایبەت، یان دیزاین)؛ بەڵام، ئەوە ناتوانێت هەندێک کەس بووەستێنێت لە بەکارهێنانی بەشێک لە بیرۆکەکە گەر بیانەوێت بەکاری بهێنن.

هەروەها ناتوانیت ڕێگری لە هەندێک کەس بکەیت لە بردنی پێکهاتەکانی بیرۆکەکەت، گرنگە لەوە تێبگەیت چۆن ئەو یاسایە بیرۆکە و داهێنانە نوێیەکان لەدزین دەپارێزێت. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێگە جۆراوجۆرەکانی یاساکانی سامانی بیری (Intellectual Property) ئەنجام دەدات. یاساکانی سامانی بیری (IP) گرنگن بۆ گەشەسەندنی ئابووری کاتێک دەیانەوێت ببنە هاندانێک بۆ داهێنەران بۆ دروستکردن و گەشەسەندن. "کاتێک کۆپیکردن شێوەیەکە لە ناجۆری، یاسای سامانی بیری پاڵپشتی سەرەتایی دابینەدەکات بۆ داهێنەران بە پاراستنی بیرۆکەکانیان لە دزینی ئاشکرا. ئەو جۆرە یاسایانەی (IP) بە تەواوی گەشەپێنەکراون و جێبەجێ نەکراون لە عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق؛ بەڵام، لەکاتێکدا ئابووری گەشەدەکات، هەموارکردنەوەی نوێ دەکرێت بۆ پەرەپێدانی ئەو یاسایانەی[2] هەن.

عێراق ئەندامی ڕێکخراوی سامانی بیری جیهان (WIPO) و ئەنجومەنی پاریسە بۆ پاراستنی سامانی پیشەسازی٣. **لەبەرئەوە وەبەرهێنەران دەتوانن فایلەکانیان ئامادە بکەن بۆ:**

باوترین جۆری بژاردەی سامانی بیری (IP) لەم لیستەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

- **ماکی-بازرگانی/ماکی-خزمەتگوزاری** کە ناو یان سیمبۆل دەپارێزێت، کە پەیوەندی بە بەرهەمەکەت لەگەڵ بزنسەکەت[4] هەیە. ئەوشتانە لەخۆدەگرێت وەکو ناوی کەسی، لۆگۆ، پێکهاتە دیارەکان (فیگەرەکان) و ڕەنگەکان (وەکو لۆگۆ)، یان نیشانەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە بزنسەکەت و ڕێگەپێدراوە وەکو ماکی-بازارگانی[5] تۆماربکرێن. ئێستا، دەتوانیت ماکی-بازرگانی پارێزگاریکردن بەدەست بێنیت بۆ کارەکەت لە هەولێر.[6]

---

[2] This information has been obtained through five interviews with entrepreneurs and lawyers.

[3] Amereller, Florian, Stephan Jager, and Ahmed S. Al-Janabi. "LEGAL GUIDE TO DOING BUSINESS IN IRAQ." Amereller.com. N.p., 2014.

[4] "What Is IP Law?" Default, 2019, www.aipla.org/about/what-is-ip-law.

[5] "COALITION PROVISIONAL AUTHORITY ORDER NUMBER 80 AMENDMENT TO THE TRADEMARKS AND DESCRIPTIONS LAW NO. 21 OF 1957." Coalition Provisional Authority, April 2004.

[6] "Abu-Ghazaleh Intellectual Property (IP) Handbook." AGIP, 2018.

- **داهێناننامە** داهێنانی شتە ئاشکراکان دەپارێزێت. کە داهێنانە زۆر تایبەتمەند یان تەکنیکەکان، پێشکەوتنی گەورەی زانستی، و داهێنانەکانی دیکە دەپارێزێت. بەدەستهێنانی داهێناننامە یەکێکە لە قورسترین شێوەکانی مافی یاسای بیری(IP) کە بەدەست بهێندرێت.

- **مافی لەبەرگرتنەوە** هەمەجۆر شێوەی نوسین و بابەتی دەربڕین دەپارێزێت. کە کاری نوسینی (کتێب، شێعر، هتد...)، فیلم، هونەر، و کارە فیکریەکانی دیکە دەپارێزێت. وەزارەتی کلتور و گەنجان بەرپرسیارە بۆ پاراستنی مافی لەبەرگرتنەوە لە هەرێمی کورستانی عێراق.

کاتێک ڕەچاوی ئەو ڕێگەیانە دەکەیت کە ئارەزوودەکەیت بۆ پاراستنی بزنسەکەت، هەروەها پێویستە ڕەچاوی کات و سەرچاوەکان بکەیت لە هەرهەنگاوێکدا بۆ پاراستنی بیرۆکەکەت. تەنانەت گەر بیرۆکەکەت پارێزراوبێت لەڕێگەی یاساکانی سەرمایەی بیری (IP) کە بەردەستن، **لە کەیسی شکاندنی یاسادا ڕەچاوی ئەوەبکە کە فشارکردن لە داهێناننامە یان ماکی-بازرگانی دەبێتە هۆی تێچوونی پارە- و هەندێکات قورس و تەنانەت مەحاڵە بۆ فشارکردن.** ئەوەت لەیاد نەچێت، کە هەروەها دەتوانیت بزنسەکەت بە سەلامەتی بپارێزیت بە پاراستنی نهێنیەکانی بازرگانی لەڕێگەی ڕاهێنانەکانی بەڕێوەبردن.
ئامۆژگاری ئەوە دەکەین کە چاوەڕوانی نەکەیت بۆ پاراستنی مافەکانی IP (سامانی بیری) پێش ئەوەی دەست بە بزنسەکەت بکەیت. ئەوەت لەیاد نەچێت، لە هەندێ کەیسدا، زۆر بەسوودترە کە بەرهەمەکەت زووتر لە مارکێتەکاندا دابنێیت، وەکو لەوەی ماوەیەکی درێژ چاوەڕوان بیت (ڕەنگە ساڵانێک) بۆ داهێنانامەیەک. بە زووتر دانانی بەرهەمەکەت لە مارکێتەکاندا، دەتوانیت یەکەم جووڵەی بەهێزی قازانجت هەبێت بەبەراورد لە ڕکابەرەکانت. گەر بۆماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بکەیت بۆ جێبەجێکردنی بیرۆکەکەت، ڕەنگە کەسێکی دیکە بێت لەگەڵ چارەسەرێکی جێگرەوە و بتوانێت لە مارکێتەکەدا بتبەزێنێت.

# بزنسێک بەگەڕدەخەیت - ئێستا چی؟

# 6 ئێستا چی؟

**دواجار، تۆ بزنسەکەت تۆمارکرد، و ئێستا دەتەوێت بزانیت هەنگاوی دواتر چیە؟ پاش ئەوەی بە فەرمی دەستت بە بەگەڕخستنی بزنسەکەت کرد، هێشتا زۆرێك ماوە، بیری لێبکەیتەوە. سێ شت کە هەندێکات لەلایەن بەڵێندەرانەوە پشتگوێ دەخرێت ئەمانەن: پێدانی باج، گۆڕینی چالاکیەکانی بزنسەکە و بەرپرسیاریەتی هاوبەشی کۆمەڵایەتی (CSR).**

## گۆڕینی چالاکیەکانی بزنس

گۆڕین یان زیادکردن بۆ چالاکیەکانی بزنسەکەت شتێکە ڕەنگە ڕەچاوی بکەیت کاتێک بزنسەکەت گەورەدەبێت و مەوداکەت فراوان دەبێت. کاتێک زیاتر فێردەبیت دەربارەی مارکێتەکەت و دەرفەتە نوێیەکانت، ئەوە دەبێتە هۆکار کە چالاکیەکانی بزنسەکەت زیادبکەیت. با ڕیستۆرانتێک، بەنموونە، وەربگرین کە سەرەتا خۆراکی کوڵێنراو دەفرۆشێت، بەڵام لەکۆتاییدا، دواتر بڕیار دەدات کە هەروەها پێکهاتەکانی هەناردەبکات و بیان فرۆشێت. ئەوەش گۆڕان لە چالاکیەکانی بزنسەکە دروست دەکات، کە پێویستە ئۆفیسی کۆمپانیای تۆمارکردن ئاگادار بکرێتەوە.

بۆ ئەنجامدانی ئەوەش، پێویستە ئەمانە ئەنجام بدرێت:

- خولەکەکانی بۆردی چاوپێکەوتن ئامادەبکە لەو ماوەیەی کە زیادکردن/گۆڕینی چالاکیەکە پەسەند دەکرێت.
- سەردانی تۆمارکەری کۆمپانیاکان بکە و مۆڵەت بەدەست بێنە لە بەڕێوبەر و وەزارەتێکی پەیوەست (گەر پێویست بوو).
- هەر کە پەسەندکردنی پێشوو بەدەستهێندرا، هەنگاوی دواتر پێدانی تێچوونەکە دەبێت بە تۆمارکەرەکە.
- سەردانی ژووری بازرگانی بکە بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە گۆڕانکاریەکە و پێدانی حەقی تێچوونەکان.

## باجەکان

هەموو کۆمپانیاکان کە تۆمارکراون پێویستە باج بدەن. ئەو باجانە وەردەگیرێت وەکو ڕێژەیەک لە قازانجی (داهاتی) بزنسەکە، و دەدرێت بە حکومەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی.[7,8] وەزارەتی دارایی هەموو ساڵێک ڕێنماییەکان بڵاودەکاتەوە لەگەڵ کەمترین ئاست کە کۆمپانیایەک پێویستە بیدات لە باجەکاندا بۆ هەر کەرتێک – دڵنیابکەرەوە کە بگونجێت!

## بەرپرسیاریەتی هاوبەشی کۆمەڵایەتی (CSR)

بەپێی ئینڤێستۆپیدیا (سەرچاوەیەکی زانیاری دارایی)، بەرپرسیاریەتی هاوبەشی کۆمەڵایەتی (کۆمپانیاکان) "مۆدێلێکی بزنسە کە هاوکاری کۆمپانیایەک دەکات لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەرپرسیاربێت. کۆمپانیاکان دەتوانن هۆشیاربن لە هەموو جۆرە کاریگەریەکان کە لەسەر کۆمەڵگا هەیانە؛ لەوانە لایەنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگە."[9]

### کۆمپانیاکان بەشداری لە چالاکی (CSR) دەکەن لەبەر چەند هۆکارێک.

- **بۆ هاریکاریکردنی ئەوانی دیکە:** ڕەنگە تۆ گرنگی بە کاریگەری کۆمەڵایەتی بدەیت، کە وادەکات CSR کارێکی گرنگ بێت بۆتۆ لەپاڵ بزنسەکەت.

- **مەبەستەکانی بزنس:** دەکرێت "زۆرباش ئەنجامبدەیت بە کارکردنی باش." کۆمپانیاکان کە کاریگەری کۆمەڵایەتی دروست دەکەن وەکو بەشێک لە کارەکەیان ڕەنگە سوود بەدەست بێنن لە سوودی گشتی، کڕیاری زیاتر، یان وێنەیەکی ئەرێنی لە کۆمەڵگا لەبەر بەرپرسیاری هاوبەشی کۆمەڵایەتیان.

- **داواکاریە یاساییەکان:** لە هەرێمی کوردستانی عێراق، یاسای تایبەت هەیە لەو شوێنەی کە بڕیارە هاوکاری خەڵکی لێ بکرێت بە پاراستنی خەڵکی و ژینگەکە، لە چالاکی خراپی بازرگانی. بەپێی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، ژینگە لەژێر سێ یاسا دەپارێزرێت:١. یاسای پاراستنی ژینگە و گەشەسەندن؛ ٢. یاسای نەوت و غاز؛ و ٣. گرێبەستەکانی بەرهەمهێنانی هاوبەش.[10]

ئەم یاسایانە پێوانە بۆ کۆمپانیا گەورەکان دادەنێن تاکو کارەکانیان بۆ خەڵکی ئاشکرابێت دەربارەی چالاکیەکانی بزنسەکە و کاریگەری لەسەر ژینگە.

هەتاکو گەر بازرگانێکی نوێ بیت، پێویستە ئێستا دەست بە بیرکردنەوە بکەیت کە چۆن کاربکەیت کە بتوانیت کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگا، ژینگە، یان هۆکارە دیاریکراوەکان هەبێت. بەرپرسیاریەتی هاوبەشی کۆمەڵایەتی (کۆمپانیاکان) بۆ بزنسی گەورە و بچووک پێکەوە گرنگە!



[7] Aqrawi, Omar . Personal Interview. August 27th, 2019.
[8] Rozh, Bzhy. Personal Interview. August 3rd, 2019
[9] Chen, James, “Corporate Social Responsibility.” Updated Oct 2019 ,27. <https://www.investopedia.com/?
[10] “HEALTH SAFETY ENVIRONMENT.” KRG Ministry of Natural Resources, mnr.krg.org/index.php/en/the-ministry/health-safety-environment.

# کۆتایی

# 7 کۆتایی

جارێکی دیکە پیرۆزبایی دەکەین لە گرتنەبەری هەنگاوەکان بۆ تۆمارکردنی بزنسەکەت! کارێکی قورسە، بەڵام دەتپارێزێت کاتێک بزنسەکەت دەستی پێکرد و گەشەیکرد. بە تۆمارکردن بەشێوەیەکی یاسایی، ئێستا بە یاسا دەپارێزرێیت و دەتوانیت بزنسەکەت ڕێکبخەیت بەبێ سزا.

ئێمە لەوە تێدەگەین کە پرۆسەی تۆمارکردن دەکرێت ئاڵۆزبێت، و لەبەرئەوە، ئامۆژگاری ئەوە دەکەین کاتێک ئامادەیت بۆ تۆمارکردن، دوو شت ئەنجام دەدەیت بۆ ئاسانکردنی پرۆسەکە:

**یەکەم،** ڕاوێژکردن بە پارێزەرێک کە بتوانێت پاڵپشتیت بکات لەگەڵ وردەکاری کارەکەت، لە کاتێکدا لەوانەیە چەندین داواکاری تایبەت بۆ کەیسەکەت زیاد بکات.

**دووەم،** پەیوەندیکردن بە وەبەرهێنەرەکانی دیکە کە بەناو پرۆسەکەدا تێپەڕبوون، وەرگرتنی ئامۆژگاری لەو کەسانە کە ڕەنگە پرۆسەکەت بۆ ئاسانتر بکەن بۆ تێگەیشتن. گەر هیچ وەبەرهێنەرێکت نەناسی، خەم مەخۆ! Five One Labs هەموو کاتێک بەخێرهاتنت دەکات تاکو پەیوەندی پێوەبکەن!

هیوا دەخوازین ئەم دۆکۆمێنتە وەڵامی ژمارەیەک پرسیاری گرنگی دابێتەوە، کە: بۆ، کەی و چۆن تۆماربکەیت، و ئەزموونی وەبەرهێنەرەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانی عێراق بخرێتە بەردەم ڕۆشنایی، کە ئەزموونیان کردووە لەکاتی تۆمارکردن بزنسەکانیان. لەبەرئەوەی پرۆسەی تۆمارکردن ڕەنگە بگۆڕدرێت لەگەڵ کاتدا، دڵنیابە چاوت لەسەر (FiveOneLabs.org) بێت بۆ ڤێرژنە نوێکراوەکان لە تیمی Five One Labs!